# ئایا پاش ڕۆشتن و کۆچکردنی خەڵکی ناوچەیەك، دروستــە مزگــەوتەکــەیــان بفــرۆشرێـت یان بڕوخێنرێت ؟

[ كردي – کوردی – kurdish ]

سەرچاوە: سایتی ئیسلام پرسیار و وەڵام

وەرگێرانی: عەبدولسەلام موحەمەد پشدەری

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ هل يباع المسجد أو يهدم عند رحيل أهل المنطقة ؟ ﴾

« باللغة الكردية »

المصدر: موقع الإسلام سؤال وجواب

ترجمة: عبد السلام محمد بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

## ئایا پاش ڕۆشتن و كۆچكردنی خەڵكی ناوچەیەك، دروستــە مزگــەوتەكــەیــان بفــرۆشــرێـت یان بڕوخێنرێت ؟

**پرسیار :** لەناوچەكەمان مزگەوتێكمان هەیە كە هەر پێنج نوێژەكە و نوێژی هەینیشی تێدا دەكەین، جا ئێستا ئەم ناوچەیەی كە لێی دەژین ئەمانەوێت بەجێبهێڵێن وچۆڵیَ بكەین، لەپاش ئێمەش خەڵكانێكی ناموسڵمان دەست دەگرن بەسەر ناوچەكەدا چونكە لەبنچینەدا ناوچەی خۆیان بووە، پێشتریش ئێمە بۆ ماوەی شەش ساڵ لێمان وەرگرتوون، ئێستاش كە ماوەكە تەواو بووە دەبێت بەجێی بهێڵین، ئایا مزگەوتەكە چی لێ بكەین ؟ بیڕوخێنین یان وەك خۆی بەجێی بهێڵین؟ لەبەر ئەوەی كە ئەوانیش ناموسڵمانن و نوێژی تێدا ناكەن پێ دەچێت خراپ بەكاری بهێنن.

**وەڵام :** ڕای ڕاست و پەسەند لای ئەهلی عیلم ئەوەیە ماڵی وەقف ئەگەر هاتوو وسوود و قازانجی لەكاركەوت، دروستە فرۆشتنی جاچی مزگەوت بێت یان غەیری مزگەوت، جا ئەگەر ئەهلی مزگەوتێك ئەو جێگایایەیان بەجێهێشت ورۆشتن بۆ شوێنێكی تر وكەسێك نەما سوودی لێوەربگرێت دروستە بفرۆشرێت وپارەكەی لەدروستكردنی مزگەوتێكی تردا خەرج بكرێت .

ابن قدامة (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەڵێت : ماڵی وەقف ئەگەر وێران بوو، یان سوودەكانی لەكار كەوتن، وەك خانوویەك كە ڕووخا بەشێوەیەك نەدەتوانرا دروست بكرێتەوە، یان وەك مزگەوتێك كە خەڵكیَ گوندەكەی باریانكرد وكەس نەما نوێژی تێدا بكات، یان تەسك وتروسك بویەوە لەسەر خەڵكەكەی ونەدەتوانرا لەحێگاكەی خۆیدا فراوان بكرێت، یان دیوارەكانی

خراپ و شەقار بوو بوون بەشێوەیەك ئیمكان نەبوو هەندێكی چاك بكرێتە وبنیات بنرێتەوە بەوە نەبێت هەندێكی لێ بفرشرێت، لەم كاتەدا دروستە بەشێكی بفرۆشرێت بۆ ئەوەی بەشەكەی تری پێ بنیات بنرێتەوە، خۆ ئەگەر نەدەكرا سوود لەهیچی وەربگریت ئەوە دروستە هەموویشی بفرۆشرێت.

ئیمام ئەحمەدیش(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ووتویەتی : ئەگەر مزگەوتێك دوو تەختە داری هەبوو دروستە بفرۆشرێت و پارەكەی خەرج بكرێتەوە لە مزگەوتەكەدا، هەروەها ئەڵێت : لەبەر ترسی دز و جەردە دروستە مزگەوتێك بگۆڕرێت، وە ئەگەر جێگاكەشی پیس و چەپەڵ بوو، قاضي ئەڵێت: مەبەست لەم ووتەیە ئەوەیە ئەگەر هاتوو بەشێوەیەك بوو ڕێگربوو لەكردنی نوێژ تیایدا ( المغني بەرگی ٥ / لاپەڕە ٣٦٨ ) بەدەستكاریەوە .

شێخ ابن بازیش ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ووتویەتی : ئەگەر ماڵی وەقف وای لێهات كە نەدەتوانرا سوودی لێوەربگیررێت مزگەوت بێت یان هەر وەقفێكی تر، لەسەر ڕاسترین ڕای زانایان دروستە بفرۆشرێت و پارەكەی خەرج بكرێتەوە لە مزگەوتێكی هاوشێوەی خۆیدا ئەگەر دەكرا، لە پێشەوای باوەڕداران عومەری كوڕی خەتابەوە ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەت كراوە كە فەرمانی كرد بە گواستنەوەی مزگەوتی كوفە بۆ جێگایەكی تر ئەویش لەبەر بەرژەوەندیەك كە وای پێویست دەكرد، لەكار خستنی سودێكیش لەپێشترە لە ڕێگا پێدانی گواستنەوەی، ئەمەش جێگای ڕای جیاوازی زانایانە، بەڵام ڕای باوەڕپێكراوە ئەوەیە دروستە گواستنەوەی، چونكە شەریعەتی ئیسلام هاتوە بۆ وەدەستهێنانی بەرژوەندیەكان و تەواوكردنیان

لەگەڵ لەکارخستنی خراپەو مەفاسیدەکان وکەمکردنەوەیان، وەفەرمانی کردوە بە پاراستنی ماڵ وسامان و قەدەغەشی کردوە لە لەناوبردنی، گومانیشی تێدا نیە ماڵی وەقفیش ئەگەر لەکار کەوت بەرژوەندی لەوەدا نیە کە بمێنیتەوە، بەڵکو مانەوەی بەوشێوەیە دەبێت بەهۆی لەناوبردن وفەوتانی، لەبەر ئەوە واجبە بفرۆشرێت و پارەکەی لەهاوشێوەی ئەو وەقفە خۆیدا خەرج بکرێتەوە( فتاوى شيخ ابن باز بەرگی ٢٠/ لاپەڕە ١١) .

ئەم مزگەوتەش ئەگەر دەکرا بفرۆشرێت بەکەسێك بەو مەرجەی لەکارێکی موباحدا بەکاری بهێنێت، بۆ نموونە بیکات بە نەخۆشخانە، پاش ڕوخاندنی منارەکەی و گۆڕینی شێوازەکەی، دروستە بفرۆشرێت نەك بروخێنرێت، ئەویش لەبەر ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی کە بریتیە لە زیادکردنی نرخەکەی لەوەی ئەگەر بروخێرنیت و داروپەرتووەکەی بفرۆشیت، چونکە فرۆشتنی داروپەرتوەکەی پارە کەمتر دەکات .

بەڵام ئەگەر ترسی ئەوە هەبوو پاش فرۆشتنی لەکارێکی حەرامدا بەکاردەهێنرێت ئەوە دەبێت بروخێنرێت و زەوی و داروپەرتوەکەی بفرۆشرێت، و پارەکەی بخرێتە مزگەوتیکی هاوشێوەی خۆیەوە .

خوای گەورە زانا وشارەزاترە .

ماڵپەڕێ : ئیسلام پرسیار و وەڵام .